له دەستیانەوە پەرە دەستێنێت و درێژ دەبێتەوە، هەروەها دەستکارییەکی قـوولّ و هەمەچەشـنیان لـە بنیـاد و شـێواز و زمـان و دارشـتن کـردووە، بـۆ تێگەیشتن لە چییەتی نوێبەخشیی شیعری کوردی و پەروەردەکردنی چـێژی خوێنەر رووەو نوێبەخشی.

بەشێکی زۆری شیعری قۆناخی حەفتایەکان دەربڕینێکی توند و سـینگ دەرپەڕاندن بوون بەرانبەر دیکتاتۆریەتی رووخێنـەر و لێورێـژ لـە دەربـڕین و دانەپەیقی بژی و بمریّ و برووخێنە و دروسـتکەرەوە و نیشـاندانی بۆچـوونی سەربازییانە، بەڵام (سەلاح شوان) لەناو بەرەکـەی خۆیـدا ئـەزموونی دەباتـە ناو خەسڵەتی تایبەت و لیّلّی و ئاڵۆزی لە دەوری خۆیدا دەتەکێنێت و روونـی و سـاکاریی هونـەری کردووەتـە ئامـانج، تیشـکۆی گرینگـی بـەهرە و بیرکردنەوەی ملکەچی هەستیاریی ئەدەبی و ئێسـتێتیکای شـیعرین. رامـانی سەرەکی تەنیا لە هەستیاریی مرۆیی و ئێستێتیکای شیعریدا دروست دەبن و رۆڵـی پـەروەردەکردنی چـێژی خوێنـەر رووەو نوێبەخشـی دەگێـڕن و هەستبەجوانیکردن و کرانەوەی هەستەکانی تێدا لەدایك دەبێت.

هەر لە رووتەختی ئەم پێویستییەوە هـەوڵم دا ئـەم کۆشـیعرەش چاپ بکرێتەوە. دوای ئەوەی من تایپ و هەڵەچنیم کرد و خستمە سـەر رێنووسـی ئێستا و خستمەوە بەردەستی شـاعیر خۆیـەوە . ئـەویش چـەند شـیعرێکی لاداوە و دوو شیعریشـی لـە ژمـارە 2 و 3ی بڵاوکـراوەی (روانگـە) بـڵاو کردوونەتەوە لە کاتی چاپی یەکەمیدا دەزگای سانسۆر رەتی کردوونەتـەوە. لەم چاپەیدا لە شوێنی خۆیانی داناونەتەوە، هەروەها دەستکاری کەمەیـەکی کەمی ناونیشان و چەند رستەیەکی کۆشیعرەکەی کردوون.

پێکهاتەی ناوەرۆك و زەمینەی هێمـا و هێمـاپێکراو و هـەوەلّ نیگاکـانی ئـەم کۆشـیعرە بـریتین: لـە خـەون و بـەهرە و بیرکردنـەوەی گـەرمی ئـەزموونکارێك و ئـەزموونکردنی ئێسـتێتیکییانەی لـە هەڵبـژاردنی وشـە و هەڵچوون و تووڕەیی و دەربڕینی هەستییەوە.



www.dengekan.com

گەرم نەبوونەوە 181
نزا سپییەکانی من 189
دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەك نییە 195
کۆبەرهەم 202
سەرم پریەتی لە سێبەر 210

**کتێبی سێیەم**

**قەڵەمکێشی دە شاعیر بە وشە**

تێبینی 219
قەڵەمکێشی جەمال شارباژێڕی بە وشە 220
قەڵەمکێشی جەلالی میرزا کەریم بە وشە 225
قەڵەمکێشی لەتیف هەڵمەت بە وشە 230
قەڵەمکێشی ئەنوەر قادر محەمەد بە وشە 235
قەڵەمکێشی سەلام محەمەد بە وشە 239
قەڵەمکێشی جەلال بەرزنجی بە وشە 243
قەڵەمکێشی عوسمان شەیدا بە وشە 248
قەڵەمکێشی سەلاح شوان بە وشە 252
قەڵەمکێشی دڵشاد مەریوانی بە وشە 256
قەڵەمکێشی سەلاح محەمەد بەوشە 261

**پاشکۆ**

سەرنجێك لەبارەی کۆشیعری شەوێك لەشەوانی سیمرخ 269
سەرنجێك لەبارەی کۆشیعری دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەك نییە 274
نامەیەکی کراوە بۆ سەلام مەحەمەد 281



www.dengekan.com